# سوننە و شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: کامیان گرەو لەگەڵ ترەمپ دەبەنەوە؟

(خوێندنەوەیەک بۆ هەڕەشە و دەرفەتەکانی هاتنەسەرکاری سەرۆکی نوێی ئەمریکا)

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**هاوکێشەی سوننە و شیعە پێش ترەمپ**

دابەشبوونی سوننە و شیعە بۆ سەر دوو ئاڕاستەی ئایینی و سیاسی، دیاردەیەکی نوێ نییە؛ ئەوان ساڵانێکە سەنگەری مەزهەبی و هزری و خوێناوییان لە یەکدی گرتووە؛ تەواوی ئەو بانگەشانەیش کە باس لە لێکنزیکبوونەوە لە یەکتر دەکەن، هەمیشە کاتی بوون و دەمارگیرییان بەرامبەر یەکدی بە درێژایی ساڵانی پێشوو لەگەڵ جووڵەی سیاسییان هاوتەریب بووە. هەر بۆیە شیعەکان هەمیشە خۆیان لە مێژووی سیاسییاندا مەڵاس داوە تا تۆڵە لە سوننە بکەنەوە. ئەوەندەی ئەوان بەرامبەر سوننە توندوتیژ بوون، سوننەکان ئەوەندە بەرامبەریان توندوتیژ نەبوون؛ هەر بۆیە بەردەوام گوتاری سیاسیی، تێرکراو و دەمەزەردکراو بووە بە تائیفەگەری و مەزهەبگەرایی. ئەوەیش کۆمەڵێك ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگی پرۆکسیی لە ناوچەکە خوڵقاندووە؛ تا ئەو ئاستەی هەندێ جار گەیشتۆتە جەنگی ناوخۆ و، هەر یەک لە دەوڵەتانی ناوچەکە ئەو تائیفەیەیان کۆمەک کردووە کە درێژکراوەی هەژموونی ستراتیژییەت و سیستەمی بەهاکانی خۆی بووە. هەر دەستەیەک هاتبێتە سەر دەسەڵات، هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی لەوی دی داوە. تا دوێنێ سوننە لە عێراق فەرمانڕەوا بوو، ئێستایش میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق فەرمانڕەوان؛ بەردەوامیش لە عێراق لە هەوڵی پەراوێزخستنی ئەوانی ترن لە سوننە و کورد. سووریا ئەزموونێکی ترە؛ ئێستا سوننەکان دەسەڵاتیان بۆ گەڕایەوە، بەڵام عەلەوییە شیعەکانی سەر بە ئێران لە تۆڵەسەندنەوەی سوننە دەترسن. بە هەمان شێوەی سووریا، ئەزموونی وەرچەرخانی دەسەڵات لە لوبنان دووبارە بووەوە و شیعە تەواو لاواز کراوە.

کەواتە هاوکێشەی سیاسی و مەزهەبیی سوننە و شیعە پێش ترەمپ، پڕی بوو لە ئاژاوە و ململانێ؛ زەمینەیەکی هەستیار و بەجۆش هەبوو بۆ لێکترازانی زیاتر و ململانێی تائیفەگەری؛ ململانێکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان شەکەت کرد؛ وێرانکاریی زۆرتر کەوتەوە؛ جەنگەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ پەرە دەستێنن؛ بەڵام پرسی ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە هیچ دەرفەتێکی بۆ نەڕەخساوە، چونکە تا هەنووکە ململانێکان چارەسەری ڕیشەییان بۆ نەکراوە و لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەی سیاسی نەبووە. سایتی Foreign affairs Magazine ڕۆژی 17/2/2025 لە وتارێکدا بە ناونیشانی The Fatal Flaw of the New Middle East, Gaza, Syria, and the Region's Next Crisis کە لەلایەن Maha Yahya نووسراوە، ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەوەی کە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوکاریی مرۆیی، پێویستیی بە نزیکەی 350 بۆ 650 ملیار دۆلار هەیە؛ تەنیا غەززە 40– 50 ملیاری دەوێ بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی.

کەوتنی ڕژێمی بەعس لە عێراق، لە بەرژەوەندیی ئێران و پڕۆژەی شیعە کەوتەوە. لە دوای 2003 هەژموونی ئێران بەرەو هەڵکشان چوو؛ هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی شیعە بوو؛ بەردەوام پێگەی سوننە لە عێراق، سووریا، لوبنان، یەمەن، فەلەستین و... بەرەو داڕمان و وێرانبوون دەچوو. ئێران توانیی لە کۆی 11 دەوڵەتی نیمچەدوورگەی عەرەبی، لەگەڵ کەرتی غەززە، کۆنترۆڵی بڕیاری سیاسیی چوار دەوڵەتی هەستیاری کاریگەر بکات لەو زۆنەدا: بەیروت، دیمەشق، بەغداد، سەنعا؛ کە ڕووبەری جوگرافیای ئەو چوار دەوڵەتە 31.6%ی کۆی ڕووبەری دەوڵەتانی نیمچەدوورگەی عەرەبی و 10.3% کۆی ڕووبەری هەر 22 دەوڵەتەکەی نیشتمانی عەرەبی دەکرد. لەوەیش زیاتر، ئێران لە ڕێگەی ئەو چوار دەوڵەتەوە هەژموونی بەسەر 2476کم بە درێژیی سنووری لەسەر دەریا هەبوو؛ ئەوانیش لە هەستیارترین شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: دەریای سپیی ناوەڕاست، دەریای سوور، دەریای عەرەب، کەنداوی عەرەب. بە شێوەیەک ئەگەر سەرنج بدەی، لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە دەوڵەتانی ناوچەکەی جڵەو کردبوو. سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە 1500کم بە درێژایی وشکانیی نێوان تاران و بەیروتی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو، کە بەرامبەر بوو بە نزیکەی 140 خولەک لە فڕین بە فڕۆکە؛ ئەمە جگە لەوەی کە دەوڵەتێک بوو لەسەر ڕێگەی دروستکردنی چەکی ناوکی؛ چەندان هەزار چەکداری وەلائییش پارێزگارییان لە هەژموونی دەکرد و بەرەیەکی بەرهەڵستکاری دژ بە ئەمریکا و ئیسرائیل بە ناوی "یەکبوونی گۆڕەپانەکان"، بنیات نابوو.

لە دوای ساڵی 2003 ئەوەندەی بەرەی شیعە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووە هۆکاری وێرانکاریی جوگرافیای سوننە و پەرتەوازەکردنی، ئەوەندە زەرەری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نەبوو. هەر بۆیە لەو بارەیەوە ناوەندەکانی هزر و سیاسەت لە ئەمریکا ڕەخنەی ئەوەیان لە وڵاتەکەیان گرت؛ بەوەی کە لەگەڵ ئێران هەڵوێستی توندی یەکلاکەرەوەی نەبووە.

دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە هاوکێشەکانی پێش ترەمپ، لە بەرژەوەندیی بەرەی شیعە بوو. ئێستایش ئەو بەرەیە لە دوو ناوەندی بڕیاردروستکردن، لوبنان و سووریا، دوور خراوەتەوە و، تەنیا لە عێراق و یەمەن ماوە، ئەویش زۆر سنووردارە و کاریگەریی جارانی نەماوە؛ بەڵام هەر بە پشتێنەیەکی ئاسایش بۆ تاران ئەژمار دەکرێن.

**کەواتە بۆچی هاتنەوەی ترەمپ لە سوودی بەرەی شیعەدا نییە؟**

هاتنەوەی ترەمپ دەبێتە مایەی زیاتر سنووردارکردنی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، پەرتکردن و پەرتەوازەکردنی هاوپەیمانیی شیعە؛ بە شێوەیەک کە سنووری جووڵەی سیاسی و سەربازییان لە لوبنان و سووریا قەتماغە دراوە و، لە یەمەن و عێراقیش زۆر سنووردارن. ئێستا بەرەی شیعە تووشی ئاوەڕۆ و خوێنبەربوونی سیاسی و چەکداری بووە و، تەنیا لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی بپارێزێ تا بمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەری زۆر بوون- بەوانەی ترەمپیشەوە.

بەرەی شیعە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی نێودەوڵەتییش وا وێنا بووە کە هەڕەشەیە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەنا و دەمەزەردی تیرۆر دەکات و، بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا و ئیسرائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی ڕۆژاوای خستۆتە مەترسییەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆش وا وێنا کراوە، کە دژەمرۆڤ و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە.

کەواتە ئێستا بەرەی شیعە ئەوەندەی باس لە هەوڵەکانی مانەوەیەتی، ئەوەندە هەڵپەی فراوانکردنی هەژموونی

نییە؛ ئامادەیشە لەو پێناوەدا چەندان سازش بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل بکات. ئەمریکاش ئەوپەڕی گوشارەکانی دەخاتە گەڕ تا ئەو کاتەی کە ئێران: یان مەرجەکانی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتن پەسەند دەکات، یان لەلایەن ئیسرائیلەوە تووشی لێدان دەبێتەوە. **ئەو ڕێککەوتنەیش چەند تەوەرەیەک لەخۆ دەگرێ:** دروستنەکردنی چەکی ئەتۆمی، پێشێلنەکردنی مافەکانی مرۆڤ، وازهێنان لە فراوانخوازی لە ناوچەکە و یارمەتینەدانی گرووپە وەلائییەکان، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکە.

**ئەدی لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپ، بەرەی شیعە چی دەکەن؟**

- هەوڵ دەدەن لە لوبنان و سووریا، سەرباری ئەوەی کە تووشی دۆڕان هاتن، لە پرۆسەی سیاسیی نوێ پاش نەکەون و خۆیان بگونجێنن؛ کە ئەمەیش دەبێتە پشتێنەیەکی سیاسی و ئەمنی بۆ شیعەی عێراق و ئێران. لە یەمەنیش لە هەوڵی مانەوەدان و هێرشەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل کەم کردۆتەوە.
- هەوڵدان بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا لەسەر هەردوو ئاستی گۆڕەپانی عێراق و ئێران، لەو بارەیەشەوە ئامادەی چەندان سازشن بۆ ئەمریکا.
- هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەرەی شیعە، دوای کەوتنی سووریا و لوبنانی شیعی؛ بەو پێیەی کە لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان بگونجێ و پێگەی خۆیان بەهێز بکەنەوە.
- پاراستنی پاشماوەی دەستکەوتەکان، وەک: مانەوەی حزبوڵڵا لە لوبنان و عەلەوییەکان لە سووریا؛ ئەوەی کە لە عێراق و ئێرانیش هەیە بە چارەنووسی سووریا و لوبنانی نەبەن. بەڵام کەوتنی عێراق، بە لای شیعەوە بە سەرەتای کۆتایی هەژموونیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانرێ.
- هەوڵدان بۆ هەڵکشان و نانەوەی ئاژاوەی زیاتر لە تەواوی ناوچەکە، ئەویش بۆ سەقامگیرنەبوونی گۆڕانکاری و هاوکێشە نوێیەکان، بەتایبەت لە سووریا و لوبنان.

**ئەی بۆچی تا ئێستا هاتنەوەی ترەمپ لە بەرژەوەندیی سوننە ئەژمار دەکرێ؟**

ئەم بۆچوونە، نابێ پەلەی تێدا بکرێ؛ هێشتا لە سەرەتای قۆناغی دەستبەکاربوونی ترەمپداین. بەڵام هەندێ ئاماژە لەو بارەیەوە لە پاشماوەی قۆناغی فەرمانڕەواییی یەکەمی ترەمپەوە هاتوون، کە زۆر لایەنگریی دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکەی کرد دەرهەق بە ئێران؛ بەڵام ئایا ئەو ئاماژانە بەردەوام دەبن؟ تا ڕاددەیەکی باش وەڵامەکە "بەڵێ"یە، بەڵام بۆچی؟ لەبەر ئەوەی:

- هەژموونی ئێران لاواز و هیلالی شیعی پەرتەوازە بوو.
- خاپوورکردنی بونیادی سیاسی و سەربازیی شیعە لە لوبنان و سووریا.
- گۆڕینی دەسەڵات و هەژموونی شیعە لەو دوو وڵاتە بە سوننە؛ ئەمەیش لە لایەک بەرەی سوننەی لە بەرامبەر ئێران بەهێز کردەوە و بەرەی بەرهەڵستکاری پرۆکسیی شیعیی سەر بە ئێرانی تەواو لاواز کرد.
- جارێکی تر بەگەڕخستنەوەی بەرەی سوننە بۆ ستراتیژییەتی ئەمریکی؛ بەڵام ئەم جارەیان بەرژەوەندیی ئیسرائیل تەواو بەرچاو گیراوە.

- جارێکی دی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندیی سوننە دادەڕێژرێتەوە، بەتایبەت لە سووریا و لوبنان.
- لاوازبوونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ کە ئێستا خوازیاری ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەمریکا. ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە بەرامبەر ئەمریکا هەن، جگە لە نازکردنی پێش دانوستان و ئامادەبوون بۆ ڕێککەوتن، هیچی دیکە نین.
- سەرلەنوێ بەسێنتەربوونی وڵاتانی سوننە لە بەرەی ئابووری و بازرگانی و وزە و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا؛ کە ئەمەیش وای لێ دەکات لە پێگەیەکی کاریگەردا لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بمێنێتەوە.

**بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئایا بەرەی سوننە چۆن دەتوانن ئەو پێشهاتە ئەرێنییە بۆ خۆیان بقۆزنەوە؟ ئەویش لە نێوەندی سێ ڕەهەندی سەرەکییەوە:**

- پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا و پشتکردنە ڕووسیا و چین، کرانەوەیان بەڕووی سیستەمی ئابووریی ڕۆژاوا و، واڵاکردنی دەروازە و زەمینەسازی بۆ کۆمپانیا ڕۆژاواییەکان.
- چاکسازیی سیاسی و کرانەوەی کۆمەڵایەتی؛ ئەمەیش لە ڕێگەی پابەندبوون بە بنەماکانی لیبراڵی و دیموکراسییەت، بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە گرفت بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا دروست بکات.
- چوونە ناو ڕێککەوتننامەی ئاشتیی ئیبراهیم؛ کە ئامانج لێی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و ڕێککەوتنی دەوڵەتانی عەرەبی سوننییە لەگەڵ ئیسرائیل.

**پەیامی ئەمریکاش** لەو بارەیەوە بۆ دەوڵەتانی سوننە ئەوەیە: یان لەگەڵ پەیڕەوی ئێمە دەڕۆن و، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکەنەوە، یان دەتانگێڕینەوە بۆ خولانەوە لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا و چارەنووستان دیار نییە و لە ئاکامیشدا سەرلەنوێ گەڕانەوەتانە بۆ خستنەناو لیستی ئەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانی لە تیرۆر دەکەن. بەپێچەوانەیشەوە ئێرانتان بۆ لاواز دەکەین و لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی و سەربازی، ئیمتیازاتی زیاترتان بۆ فەراهەم دەکەین.

**کەواتە مامەڵە و ڕەفتاری ترەمپ لەگەڵ بەرەی شیعە چۆن دەبێ؟**

دەتوانین لەسەر دوو ئاست ئاماژەی پێ بدەین:

**لەسەر ئاستی بەرەی شیعە لە دەرەوەی ئێران**

- لاواز و پەرتەوازەکردنیان؛ تا ئەو دەسەڵات و هەژموونەی پێشتر هەیانبوو، نەمێنێ.
- داماڵینیان لە چەک؛ تا ئەو ئاستەی کە جارێکی تر نەبنە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و، ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل نەخەنە مەترسییەوە.
- نەهێشتنیان لە دەسەڵات لە هەرسێ وڵاتی یەمەن و لوبنان و سووریا؛ بەڵام وەک حزبی سیاسیی بێچەک دەمێننەوە لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی وڵات.
- کەمکردنەوەی هەژموونیان لە عێراق لە نێوەندی پتەوکردنی پایەکانی فیدراڵییەت؛ کە هەرێمەکان لەناویدا لە ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

- گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ هەر چوار وڵاتەکە: سووریا، لوبنان، عێراق، یەمەن.
- هێشتنەوەیان وەک فاکتەرێکی هەراسانکەر دژ بە بەرەی سوننە؛ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتەکانیان دەهێڵرێنەوە، تا ململانێی سیاسیی پڕئاژاوە لەو وڵاتانە هەر بمێنێ و سەریان نەپڕژێتە سەر ئیسرائیل و بەردەوام تامەزرۆی پەیوەندی و کۆمەکی ئەمریکا بن لە پێناو مانەوەیان... بەو شێوەیە قۆناغێکی تری ناسەقامگیریی سیاسی بە ناوی پرۆسەی دیموکراسییەوە چاوەڕوانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

**لەسەر ئاستی دەوڵەتی ئێران**

- هێشتنەوەی ئێران وەک فاکتەرێکی هەراسانکەر و مەترسیدار بۆ دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکە؛ کەواتە ڕووخاندنی ڕژێمی سیاسیی شیعی لە ئێران بژاردەیەکی نزیک نییە، بەڵکوو ئەوەی کە لەوانەیە وەک گۆڕانکاریی سیاسی لەسەر ئاستی دەسەڵات لەو وڵاتەدا ڕوو بدات، هەموارکردنەوە و داڕشتنەوەی سەرەداوەکانی سیاسەت و دەسەڵاتە نەک گۆڕینی، بە هەمان تاموچێژی سیستەمی شیعیی جاران، بەڵام بە چاکسازیی سیاسییەوە.
- داماڵینی لە ڕەگەزی هەڕەشەکردن دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل.
- لاوازکردنی هەژموون و قەڵەمڕەوی لە ناوچەکەدا؛ لەسەر هەر دوو ئاستی سیاسەتی ڕاستەوخۆی خۆی و میلیشیا پرۆکسییەکانی سەر بە ئەو لە وڵاتانی ناوچەکە.
- گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ ناوچەکە؛ بەوەی ئێران دەگەڕێندرێتەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو.
- سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار بۆ سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە؛ تا لە ئاکامدا لەگەڵ ئەمریکا ڕێک بکەوێ و بە مەرجەکانی ڕازی بێت... **پێ دەچێ ڕێککەوتنەکەیش سێ ڕەهەندی سەرەکیی تێدا بێ**: چەکی ئەتۆمی، دابڕانی لە میلیشیا پرۆکسییەکان، چاکسازیی سیاسی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی.
- هەڕەشەلێکردنی بە بەکارهێنانی هێزی دەرهەقی، گەر بێت و مل بە ڕێککەوتن نەدات.

**ئەو وڵاتانەی کە لە هاتنەسەرکاری ترەمپ سوودمەندن تا هەنووکە:**

تورکیا، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی، سوودان، میسر، ئیمارات، بەحرێن، مەغریب، تونس، ئوردن؛ بەڵام میحوەری سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و خۆیەتی؛ زۆر ڕاشکاوانەیش ڕای گەیاندووە کە ئەوان بەتەواوی خۆیان بۆ ئیسرائیل یەکلایی کردۆتەوە و، پێویستە دەوڵەتانی ناوچەکەیش پەیوەندییان لەگەڵیدا ئاسایی بکەنەوە.

**ئەگەر ئەو وڵاتانە لە هاتنەسەرکاری ترەمپ سوودمەند بن، ئەی کێ زەرەرمەندە؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە، ڕێژەییە و وەڵامەکەی ناکرێ بەیەکلاکەرەوەیی بدرێتەوە، چونکە:

- تا هەنووکە ئەجێندای ترەمپ ڕۆشن نییە. ئەو پەیڕەوی لە "تیۆریی پیاوی شێت" لە سیاسەتدا دەکات، کە زۆر جار پێشبینیی هەڵوێست و بڕیارەکانی ناکرێت.
- ئەو داواکارییانەی کە لە دەوڵەتانی ناوچەکەی دەکات، نزیک دەبنەوە لە مەحاڵ و وا ئاسانیش

نین، وەک: کۆچپێکردنی دانیشتووانی غەززە، دادۆشینی ئابووریی دەوڵەتانی کەنداو، سەرانەلێوەرگرتنیان، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل لە زووترین کاتدا و هتد. هەر بۆیە پێ دەچێ هەڵوێستی هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە بەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا بێت و ببێتە مایەی زەرەر: تورکیا، کورد، کشانەوە لە سووریا، گوشارەکانی بۆ سەر سعوودیا، یەمەن، عێراق، ئێران، میسر.

**بەڵام ئەوەی کە وەک ڕاستییەک بۆ ئاییندەی سیاسیی ناوچەکە یەکلا بۆتەوە، ئەوەیە:** ئاژاوە و ململانێی سیاسی و تائیفەگەری و مەزهەبی، بەبەردەوامی دەمێنێتەوە و ئاسۆی سەقامگیری ئەوەندەیش نزیک نییە، چونکە هۆکار و ڕیشەی ململانێی سیاسی چارەسەر نەبوون. لەوەیش زیاتر، دەستێوەردانە نێودەوڵەتییەکانیش ئەوەندەی دیکە بوونەتە مایەی قووڵتربوونەوەی ململانێی سیاسی و ئاژاوە و بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی زیاتر.

## پەیمانی ئاشتیی ئیبراهیم؛ وەک ڕەهەندێکی سەرەکیی ستراتیژییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

### پەیمانی ئاشتیی ئیبراهیم چییە؟

سەرەداوی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ حوزەیرانی ساڵی 2009؛ کاتێک سەرۆک ئۆباما سەردانی وڵاتی میسری کرد و هەر لەوێوە پەیامێکی ئاراستەی جیهانی ئیسلامی کرد، کە خۆی لە حەوت بابەتدا گرتبوو؛ یەکێک لەوانە باس لە گفتوگۆی ئایینەکان بوو. هەر بۆیە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە: کاری هاوبەش بکەن؛ بگەڕێنەوە بۆ سەر پرەنسیپە هاوبەشەکان لە نێوان موسڵمان و جوو و فەلە؛ لەوەیش زیاتر بابەتی لێبووردەیی نێوان شوێنکەوتووانی سێ ئایینەکە بوو، تا شوێن دووبەرەکی و توندوتیژی بگرێتەوە.

دواتر پاپای ڤاتیکان لە ئایاری 2021 سەردانی عێراقی کرد، کە تێیدا چووە شاری ئور لە خوارووی عێراق؛ گوایە شوێنی لەدایکبوونی "پێغەمبەر ئیبراهیم"ە و، لەوێوە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی هەرسێ ئایینەکە پەیامێکی نارد؛ بەوەی هەرسێکیان دەچنەوە سەر پێغەمبەر ئیبراهیم و، سەرچاوەکەیان یەکە. بەڵام ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر ڕەواجی پێ دا کە ببێتە ئایینێکی هاوبەشی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتی ئیمارات بوو. ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی 2019 بە بڕیاری فەرمانڕەوای دوبەی، محەمەد بن زاید، دامەزراوەیەکی بۆ ئەو مەبەستە بە ناوی "ماڵی خانەوادەی ئیبراهیمییەکان" دروست کرد، کە دەکاتە 18 مانگ پێش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی ئیبراهیم لە نێوان وڵاتی ئیمارات و ئیسرائیل.

کەواتە ڕێککەوتننامەی ئاشتیی ئیبراهیم، بەو زنجیرە ڕێککەوتنە ئاشتییانەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دەناسرێ کە بە چاودێریی ئەمریکایە. ئەو زاراوەیەیش بۆ یەکەم جار لە 13/8/2020 لە بەیاننامەیەکی هاوبەشی ڕێککەوتنی نێوان ئیمارات و ئیسرائیل بەکار هات.

### پەیماننامەکە بۆ کێ گرنگە؟

لە پێشەنگی ئەو دەوڵەتانەی کە بۆیان گرنگە و هەر لە پێناو ئەویشدا هاتۆتە ئاراوە، ئیسرائیلە، چونکە هەمان ئەو پەیماننامانەی پێشووی نێوان ئیسرائیلە کە لەگەڵ ئوردن و میسر گرێی داون. ئەوەی جاران ڕوانگەی سیاسیی تەواو بوون و لەسەر ئاستی دەسەڵات بوون، بەڵام ئەمەیان لەسەر ئاستی ئایینەکانە و سۆزی گەلان

ڕادەکێشێ و تەنیا بە سیاسەت بارگاوی نین. هەرچەندە ئامانجەکە هەر یەکە، ئەویش ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی دەوڵەتانی عەرەبییە لەگەڵ ئیسرائیل، کە ئاماژەیە بە بنەمایەکی ئایینی، بەوەی هەرسێ ئایینەکە ڕەچەڵەکیان یەکە، ڕێککەوتنەکەیش لەسەر بنەمایەکی ئایینی بەستراوە، تا لەوێوە نزیکبوونەوەی سیاسی ڕوو بدات و پەیوەندییەکان ئاسایی ببنەوە. ڕێککەوتنەکانیش وا لە ئیسرائیل دەکەن کە لە حاڵەتی بەرگری و گوشارکردنە سەر وڵاتانی عەرەبی، بە کۆمەکی ئەمریکا، ببێتە هاوبەشێکی سیاسیی سەرەکی لە ناوچەکە، کە لەوێوە پێگەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی پتەوتر دەکات. لە لایەکی تریشەوە بانگەشە بۆ ئەو پرەنسیپە ئایینی و مرۆییانە لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ ڕێککەوتن، کاریگەریی ئەرێنیی هەبووە لەسەر وڵاتانی عەرەبی لە بەردەم ڕای گشتیی جیهانی، چونکە ئەلتەرناتیڤی ئەو گوتارە، تیرۆر و توندوتیژییە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئیسرائیل لەو بەینەوە توانیویەتی بەرژەوەندییەکانی باشتر و ئاسانتر بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو، بێنێتە دی.

### بنەماکانی چین؟

ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان کە دەبێتە مایەی سەقامگیری و ئاشتی و خۆشگوزەرانی، دەکرێ هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا بەشدار بن. بەستنی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل، ئامانج تێیدا هاوکاری و پەیوەندیی ئاساییە لەسەر ئاستی هەموو بوارەکان، کە تواناکان ئەکتیڤ دەکاتەوە. هەڕەشەکانی ناوچەکە دەتوانرێ لە ڕێگەی ڕێککەوتن و هاوکارییەوە بڕەوێندرێنەوە نەک جەنگ. بەدیهێنانی سەقامگیریی ئاسایش لە ڕوانگەی تێگەیشتنی هاوبەش و پێکەوەژیان، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی کەلتووری ئاشتی، ئەویش بە پتەوکردنی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و کەلتوورەکان، کە لە ئاکامدا هزری توندڕەوی لاواز دەکات، ئەمە جگە لە هەندێ ئامانجی سیاسی وەک: لاوازکردنی ئێران، ڕووبەڕووبوونەوەی قەڵەمڕەوی تورکیا، نزیکبوونەوەی ستراتیژی لەگەڵ جەزائیر و تونس، زیاترکردنی هەژموونی ئیمارات بەسەر سعوودیادا، هەندێ لە زەوییەکانی فەلەستین بخرێنە سەر ئیسرائیل وەک کەناری خۆراوا یان غەززە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێککەوتننامەکە دەبێتە پشتێنەیەکی ئاسایشی ستراتیژی بۆ ئەمریکا دژ بە هەژموونی چین و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت وڵاتانی دەوڵەمەند بە وزە.

تەواوی ئەو بنەمایانە بۆ بەرژەوەندیی ئیسرائیل داڕێژراون و مەبەست لێیان بەهەژموونکردنی ئیسرائیلە بەسەر سیستەمی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

### ئایا کام دەوڵەتانەی دی دەچنە ناوی؟

دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەر یەک لە دەوڵەتانی: میسر. ئوردن، سوودان، ئیمارات، بەحرێن-مەغریب بەفەرمی هەیەتی-؛ ئەوانەی کە لە ڕێگەشن بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لە داهاتوودا: لوبنان، عوممان، قەتەر، تونس، جەزائیر، تا ڕاددەیەکیش باس لە سووریای نوێ دەکرێ، ئەمە بێجگە لە دە دەوڵەتی تری ئیسلامی کە نیازیان هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل: پاکستان، ئێندونیزیا، نەیجەر، مالی، جیبۆتی، مۆریتانیا، دوورگەکانی قەمەر، برۆنای، بەنگلادیش، مالدیف.

### ئایا عەرەبستانی سعوودی دەچێتە ناو پەیماننامەکەوە؟

پێ ناچێ لەم قۆناغەیشدا عەرەبستانی سعوودی، ببێتە بەشێک لەو ڕێککەوتننامەیە، بەڵام ڕێگر نییە، چونکە

تا هەنووکە زەمینەسازیی تەواوی نییە بۆی لەسەر ئاستی ناوخۆی سعوودیا. بەڵام بۆ ئەو مەبەستە چەند گۆڕانکارییەک لەسەر ئاستی هەڵوێستی سعوودیا بەرامبەر ئیسرائیل ڕوو دەدەن، وەک: هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بێجگە لە سیاسی، لێکنزیکبوونەوە لەسەر ئاستی مرۆیی، ئەنجامدانی گەشتی ئایینی لە قودسەوە بۆ جیددە، بازرگانیی ژێربەژێر یان ناڕاستەوخۆ، هەماهەنگی و لێکنزیکبوونەوەی هەردوو لا لەسەر ئاستی ستراتیژی و هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست.

**ئەگەری چوونی سعوودیا بۆ ناو پەیماننامەکە، کەیە؟**

دیاریکردنی کات کارێکی ئاسان نییە، چونکە هاوکێشەکان زۆر ئاڵۆزن، بەڵام هەندێ ئاماژەیش هەن:

- دروستکردنی گوشار و نانەوەی ئاژاوە بۆ سعوودیا لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل؛ کە ببنە مایەی مەترسیی ڕاستەقینە و کاریگەر لەسەر سیستەمی سیاسیی سعوودیا، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، تا لە ئاکامدا ناچاری ملدان ببێ بۆ ڕێککەوتننامە.
- هەژموونی تەواوی ئیسرائیل بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ کە لە ئاکامدا سعوودیا ناچاری خۆبەدەستەوەدان دەبێ.
- زەمینەسازی و گۆڕانکاری لەسەر ئاستی سیستەمی بەهاکان لەناو سعوودیا، بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسیی نوێ؛ ئێستا دەسەڵاتدارانی سعوودیا کار لەسەر ئەو حاڵەتە دەکەن.
- ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە ناسیاسییەکان بەتەواوی؛ کە دەبنە ڕێگەخۆشکەر بۆ ڕێککەوتننامەی ئاشتیی ئیبراهیم.

پێدانی ئاسانکاری و ئیمتیازاتی زۆر لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە؛ بۆ نموونە ئەوانەی کە ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، بەو جۆرە هاوکاری و ئیمتیازاتانە خەنی کراون. میسر ساڵانە زیاتر لە 5–7 ملیار دۆلار هاوکاری، بۆ گرتنەخۆی دانیشتووانی غەززەیش لەو وڵاتە پەیمانی هاوکاریی زیاتر و 250 ملیار و چارەسەرکردنی گرفتی بەنداوی نەهزەی داوە لەگەڵ ئەسیوپیا؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە لەسەر حوکم دەمێنێتەوە. ئوردنیش ساڵانە زیاتر لە 3 ملیار دۆلار هاوکاریی هەمەچەشنەی لەلایەن ئەمریکاوە پێ دەدرێت؛ سوودان لە لیستی تیرۆر هێنرایە دەرەوە؛ ئیمارات لە 2020 – 2025 نزیکەی 10 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە؛ ئەمریکاش بەڵێنی پێدانی 55 فڕۆکەی F55ی بە ئیمارات داوە و کارئاسانییشی بۆ گێڕانەوەی سێ دوورگەکەی دەکات کە لەلایەن ئێرانەوە داگیر کراون؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئاسانکارییەکان بۆیان، لەلایەن تەواوی دەوڵەتانی ئەورووپییەوە دەگرێتەوە.

- کاتێک کە دەوڵەتانی ناوچەکە هەموویان ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئیسرائیل بەست و سعوودیا لە گۆڕەپانەکە بەتەنیا مایەوە.